www.kurdistannet.org 6-9-2002

# فەلسەفەی پەمپ لێدان

لەم رۆژانەدا برادەرێکی رۆژنامەنووس دادو بێ دادی خۆی لە دەست پەمپ لێدان دەردەبڕی کە زۆربەی کاتی ئیسراحەتی ئەو بۆ لێدانی پەمپی ترومپاکەی ئاویماڵەکەیان تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی چەند تنۆکێک ئاویان لەم گەرمایەی هاویندا دەست کەوێ.
وەزعی ئەم برادەرەمان چەند چەمک و تیۆرێکی جان جاک رۆسۆی هێنامەوە یاد کە پێشەنگی تیۆری سروشتگەراییە و دەڵێت: رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ رەنگدانەوەی دۆخی سروشتی ئەو دەوربەرەیە، کە مرۆڤ تیایدا دەژی، بۆ ئەوەی بونیادی منداڵیش لەسەر باکگراوندێکی راست و پاک بێت پێویستە لەژینگەیەکی لادێ یی و لەنێو یاسا وریێوشوێنی سروشت پەروەردە بکرێت.
جا ئەگەر بەپڕۆسەیەکی جیاکاری ئەو چەمک و تیۆرانەی جان جاک رۆسۆ بەسەرکرداری پەمپ لێدان پیادە بکەین، کە ئێستا بۆتە ئەرکی رۆژانەی زۆرینەیەکی زۆری خەڵکی هەولێرو فەلسەفەیەک بهێنینە ئاراوە بەنێوی فەلسەفەی پەمپ لێدان، پێ بەپێ ئەم تێزە تازەیە دەبێ بە پاسا و بۆ هەموو پەمپ لێدانو ستایشێک.
شتێکی زۆر ئاسایی و سادەش دەبێت بۆ ئێمەی رۆژنامەنووس کە ژیانی ئەمرۆی کوردستان بە بەهەشتێکی هەمیشە سەوز بچوێنین و روخسارێکی ستایش ئامێز بە هەڵسوکەوتەکانی نوخبەی کورد ببەخشین و ناهەقمان مەگرن ئەگەر بڵێین: شازی مەدەنیەت دابین کراوەو یاسا سەروەرەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرارەو کوردستان ئاوەدانەو دەستەڵات تەداول دەکرێت و پرەنسیپی جیاوازی دەستەڵات لە ئارادایە و هەرسێ کوچکەی سوڵتە بەسەریەک رەقیبن و (پیرەر) چۆتە مێژوو، ئاشتی لە قۆناغی دەڵەمە دەرچووە پێگەییووە، زانکۆ مینبەری ململانێی شارستانی و داهێنانی زانستییە و رۆشنبیران بۆ گەورەو بچوک هەڵوێست وەردەگرن و، بەهرەکان نازیان هەڵدەگیرێت و، داهێنەران خەڵات دەکرێن و ئینتیما لەوپەڕی دایە و، رێگاکان ئۆتۆبانە و، ئاوەڕۆی هەولێر تەواوبووەو، بیمەی کۆمەڵایەتی دابین کراوەو، یەکسانی لە هەلی کارکردن هەیە و، ئازادی سەفەرکردن لە بارەو، شەهادەی نیشتمانی بە گرانی دەکڕدرێت و رەجەب گوێی بۆ ناگیرێت و، میزاجیەت نەماوەو خەڵک لە غرووری سەفەری دەرەوە دەکات و، مەحسوبیەت بوونی نییەو، سرکێتی کارەبای حکومیش لە جیاتی دوو ئەمپێرونیو، سوپەر دیلۆکسە.

**بۆتان تەحسین**